مەڵبەندێكی سەرەكی كۆمەڵی خەوارج بوو، ئەوەش هاوكاری و یارمەتیدەری ماددی و سەربازی ئەو كۆمەڵەی دا تا درێژە بە خەباتەكانیان بدەن.

٢- دەوڵەتی عەباسی هیچ یەك لەو بەڵێنانەی جێبەجێ نەكرد كە بە كورد و كۆمەڵی خەوارجەكانی دا لەكاتی دژایەتی كردنی بنەماڵەی ئومەوییەكان و سەرخستنی بانگەشەی عەباسییەكاندا، بەڵكو لەبەرامبەر عەباسییەكان كەوتنە گیانی سەركردەكانی كورد و ئەشكەنجەدان و كوشتنیان، لەوانە: ئەبو موسلمی خۆراسانی كە رۆڵی بەرچاوی لەسەرخستنی بانگەشەی عەباسییەكاندا بینی.

٣- ئەو بانگەشانەی كە سەرانی خەوارجەكان بەرزیان كردووە، بەوەی كە مەرج نییە خەلیفە هەر عەرەب و خەڵكی قورەیش بێت و چەسپاندنی دادوەری و ئازادی و پاراستنی مافەكانی كۆمەڵانی خەڵك.

٤- خەوارجەكان لەنێو خێڵەكاندا و لەناواخنی خواستی خێڵەكیدا بەرنامەكانیان داڕشت و پشتگیری خۆیان پێكرد، ئەوەش لەواقیعی ژیانی ئەوسای كۆمەڵگای كوردییەوە نزیك بوو.

٥- كوردەكانیش خەوارجیان بە باشتر لەسەرانی عەباسی زانی و لەواندا چاكردنی باری ژیانیان و كەمكردنەوەی باجەكان لەسەریان بینییەوە، بۆیە هەوڵی هاوكاریكردن و سەرخستنی راپەرینەكانیان و دالدەی سەركردەكانی خەوارج و راكردووەكانیان لەدەست خەلافەتی عەباسیدا.



لەگرنگترین ئەو راپەرینانە كە كورد بەشداری كاریگەری تیا كرد و مەترسی بۆ خەلافەتی عەباسی دروستكرد ((راپەرینی فەزڵی شەیبانی)) بوو، كە ساڵی ١٧٣ك/٧٨٩ ز بە بیست سوارەوە لەهەرێمی جەزیرە راپەڕی و شاری نوسەیبینی گرت، پاشان پشتگیری خێڵەكانی ناوچەی بەدەست هێنا و شاری (دارا)ی بە پێنج هەزار دینار رازی كرد و دواتر شارەكانی (ئامەد و میافارقین و ئەرزن)ی بە بڕێك پارەی تر رازی كرد و خستیە ژێر دەسەڵاتی و پاشان بەرەو ئەرمەنستان كەوتەڕێ و شاری (ئەخلات)ی داگیركرد، پاش ئەو سەركەوتنانە دەسەڵاتێكی خۆجێیەتی تیا بەڕێوەبرد و هێزێكی سەربازی پێكەوەنا، بەڵام سەرەنجام رووبەرووی شاڵاوێكی گەورەی سوپای خەلیفە هارون الرشید لەژێر سەركردایەتی ( موحەمەدی كوڕی عیسای عەبدی) بووەوە و لەشەڕێكدا بە دیل گیرا و لەلایەن (مەحەمەد)وە كوژرا، بە كوژرانیشی دەسەڵات و راپەرینەكەی كۆتایی پێهات.

راپەرینی (وەلیدی كوڕی تەریفی شاری)یش نموونەی راپەرینێكی تری خەوارجەكان بوو لەهەرێمی جەزیرە، كە ساڵی ١٧٨ ك/٧٩٤ ز بە رووی خەلافەتی (هارون الرشید)دا راپەری، گەر چی سەرەتا سێ كەسی لەگەڵدا بوو، بەڵام پاش زنجیرەیەك سەركەوتن ژمارەی لایەنگرانی زیادی كرد و چەندین شاری هەرێمەكانی جەزیرە و ئەرمەنستانی داگیركرد.

كەسایەتی و بەتوانایی وەلید بە رادەیەك بوو، كە زۆربەی شارە گەورەكانی جەزیرە و ئەرمەنستان و ئازەربایجانی بە پارە كڕی و



ملی بە دەسەڵاتدارانی كەچكرد، لەوانە شاری (ئامەد و میافارقین و ئەرزن)ی هەریەكەیان بە بیست هەزار درهەم كڕی و سوپای عەباسییەكانیشی بە سەركردایەتی (یەحیای قرشی) لەشاری حەلوان تێكشكاند، بەڵام پاش ئەو هەمووو سەركەوتنانە بە تەقەلایەكی زۆر لەلایەن خەلیفەوە سەركوت كرا.

(ئەبو عومرۆی شاری)ش لەناوچەی شارەزوور لەساڵی ١٨٤ ك/ ٨٠٠ ز سەركردایەتی راپەرینێكی كرد و دواتر لەلایەن سوپایەكی خەلیفەوە لەژێر سەركردایەتی (زوهیری قەساب) سەركوت كرا.

(عەبدولسەلامی ئامەد)یش لەساڵی ١٨٧ ك/ ٨٠٣ ز سەركردایەتی راپەرینێكی كرد، ئەمیش لەلایەن سوپایەكی خەلیفەوە لەژێر سەركردایەتی (یەحیای كوڕی سەعیدی عەقیلی) لێدرا.

ئەوانەش سەرەتای دەیان راپەرین و بزوتنەوە و هاوبەشی كردنی كورد بوو، كە تیایدا بە مەبەستی دەستەبەركردنی مافەكانی ژیانیان و سنووردانان بۆ ستەم و چەوساندنەوەی دەسەڵاتدارانی عەباسی بەرپابوون.

## بزوتنەوەی بابەكی خورەمی:

یەكێك لەو بزوتنەوانەی لەم سەردەمەدا خەلافەتی عەباسی خستە مەترسییەوە، ئەویش بزوتنەوەی بابەكی خوڕەمی بوو، (بابەكی خوڕەمی) كەسایەتییەكی ناسراوی شاری (بەز) و هاوكاری (جاویدانی كوڕی سەهل)ی فەرمانڕەوای شارەكە بوو، دوای مردنی (جاویدان) سەرۆكایەتی خورەمیەكانی پێ سپێردرا



و ساڵی ٢٠١ ك / ٨١٦ ز سەركردایەتی بزوتنەوەی خورەمی گرتەدەست، كە بزوتنەوەیەكی ئایینی و سیاسی بوو، ئەمە و بزوتنەوەكە پاش بیست و دوو ساڵ تەمەن لەسەر فەرمانی خەلیفە (موعتەسم باللەی عەباسی) و لەلایەن (ئەفشین)ی سەركردەی توركی عەباسی لەساڵی ٢٢٣ ك / ٨٣٨ ز بە دیل گیرا و فەرمانی كوشتنی درا و بەوەش بزوتنەوەكە كۆتایی پێهات.

## هۆكارەكانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەكە:

لەو هۆكارانەی زەمینەی سەرهەڵدانی ئەو بزوتنەوەیان رەخساند:

١- بێ هێزی سوپای خەلافەتی عەباسی و لەبەر یەك هەڵوەشانی دوای مردنی خەلیفە هارون الرشید لەساڵی ١٩٣ ك/ ٨٠٩ ز و لاوازی خەلیفە ئەمین ١٩٣-١٩٨ك/ ٨٠٩-٨١٣ز و خەلیفە مامون ١٩٨-٢١٨ك/ ٨١٣-٨٣٣ز لەسەر لەنوێ رێكخستنەوەی.

٢- سروشتی شاخاوی و هەڵكەوتەی جوگرافی ناوچەی (بەز)ی مەڵبەندی راپەرینەكە و دووری لەپایتەختی دەوڵەتی عەباسی لەشاری بەغداد.

٣- كەسایەتی بابەك و شارەزایی لەتەكنیكی شەڕ و بەكارهێنانی شێوازی سەربازی ورد، لەوانە بەكارهێنانی كۆمەڵی بچوك بچوك بۆ لێدانی دوژمن و وێرانكردنی قەڵا و شوراكانی دوژمن و پچڕاندنی هێڵی پەیوەندی یارمەتی خەلافەتی عەباسی و دۆستەكانی.